هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ

إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالى والبحث العلمى
رئاسة جامعة السليمانية التقنية
مكتب رئيس الجامعة

سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
Presidency of Sulaimani Polytechnic University

ژمارە : ٣٨٥
رێکەوت : ٢٧ / ٤ / ٢٠٢٠ زایینی

No :
Date / / 2020

## فەرمانی زانکۆیی

ئاماژە بەکۆنوسی کۆبونەوەی ژمارە (١٢)ی ئەنجومەنی زانکۆمان لە(٢٠٢٠/٤/٢٢) بەئۆنلاین و کۆنوسی ژمارە (٣)ی لیژنەی فێرکردنی الکترۆنی بەفەرمانی زانکۆیی ژمارە (٢٩٣) لە ٢٠٢٠/٣/٢٣ و نوسراوی گشتاندنمان ژمارە (٣٢٩) لە ٢٠٢٠/٤/٥ سەبارەت بەمیکانزمی جێبەجێ کردنی فێرکردنی الکترۆنی ناهاوکات لەزانکۆمان لەکۆلێج و پەیمانگاکان لەبەر بەرژەوەندی گشتی کارکردن و بەهۆی بارودۆخی نائاسایی ئێستای هەرێمی کوردستان و بڵاوبونەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا و جێبەجێ کردنی خۆپاراستن لەڤایرۆسی کۆرۆنا و پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی مامۆستایان و خوێندکاران و لەپێناو زیاتر خزمەتکردنی خوێندکاران بۆ جێبەجێ کردنی خوێندن و فێرکردنی الکترۆنی بەشێوازێک کە پاڵپشتیکاری بێت بۆ خوێندنی زانکۆ بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی زانکۆ ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بڕیاردرا :-

١-خوێندنی ئەلکترۆنی ناهاوکات Asynchronous E-Learning پەیڕەو دەکرێت لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

٢-ئەم شێوازە لە خوێندنی ئەلکترۆنی یەکێکە لە شێوازەکانی خوێندنی ئەلکترۆنی کە ئۆنلاین نابێت وە میکانیزمی خوێندنی تیایدا بەم شێوەیە:

a. مامۆستایانی بەرێز کاردەکەن بۆ تۆمارکردنی وانەکانیان لە رێگای چەند تووڵی جیاواز کە زانکۆ لیژنەی فێرکردنی ئەلکترۆنی ئامادەی کردوە وەک Google Meet , OBS Studio & PowerPoint Slide Recording وە پاشان مامۆستایان شەیری دەکەن لەگەل خوێندکارەکانیان لە رێگەی پلاتفۆرمی Google Classroom کە بە پێ ی کۆنووسی لیژنەی بالا مامۆستایان لە گشت کۆلێج و پەیمانگاکان بە ٤١ وۆرک شۆپ ڕاهێنانیان پێکراوە بۆ شێوازی وانەوتنەوە بە ئەلکترۆنی.

٣-خشتەیەک ئامادەدەکرێت لە لایەن بەشی زانستی بەهەماهەنگی لەگەل مامۆستایانی بەرێز بۆ وانەکان



Kurdistan Region, Sulaimani, Qirga, Wrme St., Mardin 327, Alley 76
Phone: 07480190092 / 93 / 90
PO Box: 394

هەرێمی کوردستان- سلێمانی- قرگە- شەقامی ورمێ- گەرەکی ماردین327-کۆڵانی 76
تەلەفون: 93 -٩٠- 07480190092
سندوقی پۆستە:394

www.spu.edu.iq Email:-admin@spu.edu.iq

٤-ژمارەی وانەکان بە پێ ی جیاوازی پرۆگرامی خوێندن سالانە و سیمستەر (بۆلۆنیا) لە کۆلێژو پەیمانگاکان لە ٢ تا ٦ وانەیە واتە ٢ تا ٦ هەفتەیە کە ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/٢ دەستپێدەکات و ٢٠٢٠/٦/١٣ کۆتایی دێت.

٥-پاش دانانی وانەکان لەلایەن مامۆستایانی بەڕێز لە پلاتفۆرمی زنکۆ , خوێندکاران دەتوانن لە ڕێگای پەیوەندی ئەلکترۆنی پرسیارەکانیان ئاراستەی مامۆستایان بکەن وە مامۆستایان وەلامی پرسیارەکان لە ماوەی دیاریکراو وەلام دەدەنەوە بۆ ڕوونکردنەوەی وەلامی پرسیارەکان وە مامۆستایان هاوکاردەبن لە تەرخانکردنی کاتی دیاریکراو بۆ وەلامدانەوە.

٦-هەروانەیەک ٢٠ تا ٣٠ خولەک ماوەی تۆماری وانەیەک دەبێت لەگەل تیشک خستنەسەر بابەتە گرنگەکان.

٧-هەروانەیەک مامۆستایان هەڵسەنگاندن بکەن بۆ خوێندکاران لە ڕێگەی داواکاردنی ڕاپۆرت و ۆرکلۆدەکان لەگەل دانانی میکانیزمی ناردنی کاری هۆمۆرک و کاتی ناردنەوەی بۆ مامۆستا.

٨-وانەی ئەکادێمیک دیبەیت بۆخوێندنی سالانە داوای ڕیپۆرت بکرێت لە باتی سیمینار وە لە ١٥٠٠ تا ٢٠٠٠ وشە کەمتر نەبێ

٩-لینکی ڤیدیۆیی وانەکان پارێزراو دەبێت لەلایەن دڵنیایی جۆری زانکۆ

١٠-پرۆژەی دەرچوونی خوێندکاران بە ڕاپۆرت و پریزێنتەیشن ئامادەدەکرێت لە لایەن (خوێندکار-خوێندکاران) بۆ ناردنی بۆ مامۆستا وە پاشان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت.

١١-سەبارەت بە ئامادەکردنی وانەی ئەلکترۆنی بۆ زمانی ئینگلیزی بۆ کۆلێج و پەیمانگەکان بەشێوەی یەکخراو/موحد دەبێت بەسەرپەرشتی سەنتەری نێودەوڵەتی زمانی ئینگلیزی پاڵپشت بە کلاسی ئۆنلاین لەنێوان مامۆستاو خوێندکاراندا.




هەرێمی کوردستان- سلێمانی- قرگە- شەقامی ورمێ- گەرەکی ماردین327-کۆڵانی 76
تەلەفون: 93 -٩٠- 07480190092
سندوقی پۆستە:394
Kurdistan Region, Sulaimani, Qirga, Wrme St., Mardin 327, Alley 76
Phone: 07480190092 / 93 / 90
PO Box: 394
www.spu.edu.iq Email:-admin@spu.edu.iq

١٢-وانەی پراکتیکی : مامۆستایان دەتوانن بە پێ ی خشتەیەکی دیاریکراو لە بەشی زانستی تاقیگەی کۆلێژ تەنها وانەی پراکتیکی پیویست لە پسپۆرییەپزیشکی و ئەندازیارییەکان لە کۆلێجەکان ئامادە بکەن بە هاوکاری هۆبەی میدیای کۆلێج.وانەی پراکتیکی بە پێ ی ڕینمایی دلنیایی جۆری ئەلکترۆنی ئامادە بکەن کە ٢٠ تا ٣٠ خولەک زیاتر نەبێت.

١٣-سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی خوێندکار دوای دراسەکردن لەداهاتوودا بەرێنمایی بۆتان دەنێرین .

*تێبینی //

١-بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی زانکۆ مەبەست لەم خوێندنە گەیاندنی زانیارییە بۆ خوێندکاران و سود وەرگرتنە لەو وانانەی کە دەوترێتەوە وەهەروەها تەواوکردنی مەنهەجی خوێندنی ساڵی (٢٠١٩-٢٠٢٠) .

٢-مەبەست لەخوێندنی الکترۆنی سود وەرگرتنە لەزانیاری و خوێندن و ناوەڕۆکی وانەکان .

٣-ئەم خوێندنە گرنگە بۆ ڕێژەی خوێندن لەساڵی (٢٠١٩-٢٠٢٠) .

٤-خوێندن بەشێوازی الکترۆنی ناهاوکات دەبێت وەخوێندنی ئۆنلاین نیە .

٥-خوێندکاران بەپێی توانا وەبەسود وەرگرتن لەوەرگرتنی وانەی الکترۆنی ئامادەبن .

٦-ئەم بارودۆخە کاتیە تەنها بۆ ئەو ماوەیە کە دانراوە بۆ خوێندنی الکترۆنی ناهاوکات بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی زانکۆ بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠).

پ.ی.د. ئالان فريدون علی أمين
ســــــەرۆکی زانکـــــۆ

وێنەیەك بۆ :

- نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ
- یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری (زانستی و خوێندنی باڵا – کارگێڕی و دارایی) / لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت کۆلێج و پەیمانگاکان / نوسینگەی ڕاگر / لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی (کارگێڕی - دارایی - ووردبینی – زانستی و خوێندنی باڵا – سەنتەری زمانی ئینگلیزی – تۆماری گشتی – تەکنەلۆجیای زانیتری - یاسایی ) / لەگەڵ ڕێزدا .
- دۆسیەی دەرچوو

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
Presidency Sulaimani Polytechnic University
نوسینگەی سەرۆکی زانکۆ



Kurdistan Region, Sulaimani, Qirga, Wrme St., Mardin 327, Alley 76
Phone: 07480190092 / 93 / 90
PO Box: 394

هەرێمی کوردستان- سلێمانی- قرگە- شەقامی ورمێ- گەرەکی ماردین327-کۆڵانی 76
تەلەفون: 93 -٩٠- 07480190092
سندوقی پۆستە:394

www.spu.edu.iq Email:-admin@spu.edu.iq